سەرۆك كۆمار: عێراق خوازیاری پەیوەندی پتەوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان بەشێوەیەك كە بەرژەوەندی هاوبەش مسۆگەربكات

سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید دوپاتیکردەوە، سەقامگیریی عێراق لەڕووی ئاسایشەوە، بناغەی بنەڕەتییە بۆ گەشەپێدان لە هەموو ئاستەكاندا.

نوسیگەی ڕاگەیاندنی سەرۆكایەتی كۆمار لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ دووشەممە 6-5-2024 سەرۆك كۆمار لە كۆشكی بەغداد پێشوازیکرد لە ژمارەیەك شرۆڤەكاری سیاسی و لە سەرەتای دیدارەكەدا دوپاتیکردەوە، كە سەرۆكایەتی كۆمار دیدار و وتووێژی هەمەچەشنە لەخۆدەگرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەر بۆ پرسە هەڵپەسێردراوە جۆراوجۆرەكان، لە دیارترینیان یەكلاكردنەوەی پرسی هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران و پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمی كوردستانە. ئاماژەی بەوەشكرد، كە پێویستە هێزە سیاسییەكان دیدگاكان لە نێوان خۆیاندا یەكبخەن و هەر ئاستەنگێك تێپەڕێنن، كە ڕێگری بكات لە گەیشتن بە چارەسەری لۆژیكی و كۆتایی بۆ زۆرێك لەو پرسانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە.

هەروەها باسی لە چالاكییەكانی سەرۆكایەتی كۆمار كرد، لە پێشكەشكردنی كۆمەڵێك ڕەشنوسی یاسا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، وەك ڕەشنوسی یاسای ئەنجومەنی باڵای ئاو، ڕەشنوسی یاسای هەمواركردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەركردایەتی ڕژێمی لەناوچوو سەبارەت بە زەوتكردنی موڵك، ڕەشنوسی

یاسای دەسەڵاتی باڵای پاڵپشتیکردنی ژنان، رەشنوسی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان، رەشنوسی یاسای گەڕاندنەوەی داهاتی گەندەڵی، بەمەبەستی پەسەندکردنیان بەوپێیەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە پێداویستییەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

هاوکات سەرۆك کۆمار ئاماژەی بەوەدا، سەرۆکایەتی کۆمار نامەیەکی زۆری لە بنەماڵەی دەستبەسەرکراوەکانەوە پێگەیشتوە، کە پشتڕاستیدەکەنەوە سەرەڕای کۆتاییهاتنی سزای دەستگیرکراوەکانیان، بەڵام ئازادنەکراون، لەڕوانگەی رۆڵی سەرۆکایەتی کۆمارەوە، لیژنەیەک لە نوێنەرانی سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و راوێژکارێتی ئاسایشی نەتەوەیی پێکهێنرا و پاش چەندین کۆبونەوە، دەرئەنجام ئازادکردنی نزیکەی (٩) هەزار لەو دەستگیرکراوانەی لێکەوتەوە.

سەرۆك کۆمار رونیکردەوە، کە عێراق پەیوەندی سیاسی و ئابوری بەهێزی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان و هەمیشە هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموولایەك بەهێزتربکات، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی هاوبەش مسۆگەربکات و ئاسایش و سەقامگیری پەرەپێبدات.

سەرۆك کۆمار ئاماژەی کرد بە گرنگی رۆڵی شرۆڤەکارانی سیاسی و پسپۆڕانی کاروباری عێراق و رادەی ئەو بەرپرسیارێتییە نیشتمانییەی لەسەر شانیانە لە خستنەڕووی بیرۆکە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکان.

لە بەرامبەردا شرۆڤەکارانی سیاسی پێزانینی خۆیان بە هەڵوێستەکانی سەرۆك کۆمار و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ پرسەکانی هاووڵاتیان دەربڕی و جەختیان لە گرنگی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزیان کردەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بیرۆکە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.